# ڕێکارەکانی فێرکردنی زمانی بیانی (کەلتوور) بە نموونە

ڕۆستەم محەمەد ئەحمەد[1]، هێرش کەریم حەمید[2]
1زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی پەروەردە
2وەزارەتی پەرەوپەردە، پەروەردەی کەلار

**پێشەکی**

**ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ئاشنابوون و فێربوونی کەلتوور، وەك ناسنامەی کۆمەڵگا لە پرۆسەی فێرکردنی زمانی دووەم یان زمانی بیانییدا، نەك تەنها کاریگەرە، بەڵکو پێویستییەکی هەنووکەیی و حاشاهەڵنەگرە. بۆ فێربوونی زمانی بیانیی دەتوانرێت چەندین ڕێگا و ڕێکاریی جۆراوجۆر ڕەچاوبکرێت، یەکێك لەو ڕێگایانەی کە ڕۆڵی بەرچاوی هەیە، لە باشتر فێرکردنی زمانی بیانییدا ئاشناکردنی فێرخوازە بە کەلتووری ئەو زمانەی کە مەبەستە، لەم ڕوانگەیەوە هەوڵدراوە بە ئاوڕدانەوە لە هەردوو چەمکی زمان و کەلتوور و پەیوەندی نێوانیان و ڕۆڵی هەردووکیان لەسەر یەکدی، بەتایبەت ڕۆڵی کەلتوور لە پرۆسەی فێرکردنی زمانی بیانیی وخستنەڕووی چەندین ڕێکاری زمانیی بۆ فێربوونی کەلتووری زمانی مەبەست، کارئاسانی بکرێت بۆ باشتر فێربوونی فێرخوازانی زمانی بیانی.

ناساندن و خستنەڕووی کەلتوور و پیشاندانی ڕەگەزەکانی، باسکردنی زمان وەکو ڕەگەزێکی کەلتوور و دەرخستنی پەیوەندی و پەیوەستی نێوان زمان و کەلتوور لە چوارچێوەی نەتەوە و کۆمەڵگادا، بەجۆرێك نە زمان بێ کەلتوور دەبێت و نە کەلتووریش بێ زمان، دەتوانێت پەیامی خۆی بەباشی بگەیەنێت. پرۆسەی فیرکردن وەك پرۆسەیەکی هەمەلایەنەی زانستی و مەعریفی و ڕۆشنگەریی وئەکادیمی لە ڕێگەی ئاوێتەبوون و ئاوێزانی لایەنەکانی کەلتووری نەتەوە و زمانی کۆمەڵگاوە دێتەبەرهەم.

**کلیلە وشەکان**: زمان، کەلتوور، زمانی دووەم و بیانی، فێرکردنی زمان و کەلتوور.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا سوود لە ڕێبازی پەسنی -شیکاریی وەرگیراوە.

**هۆکار و گرنگی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

1- ئاشنابوون و فێربوون و شارەزابوون و ناسینی کەلتوور وەك ناسنامەی کۆمەڵگا، نەك تەنها کاریگەرە، بەڵکو ئامراز و پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە و لە ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکان و باشترکردن و خێرا گەیاندنی مەبەست و زانیارییەکان بە فێرخواز لە پرۆسەی فێرکردنی زمانی دووەم یان زمانی بیانیدا ڕۆڵێکی گەورە و گرنگ دەگێڕێت، هەروەها تێگەیشتن و دەرکی کەلتوور کلیل وپایە و بنەمای خێرا شارەزابوون و فێربوونێکی سەرکەوتووانەی زمانە.

2- فێربوونی زمانی دووەم، یان زمانی بیانی لە ئێستادا بەهۆی جیهانگیرییەوە بووە بە پێویستییەکی هەنووکەیی ڕۆژانە، لەم سۆنگەیەوە چەندین زانکۆ و ناوەند و پەیمانگای تایبەت بە فێربوونی زمانی دووەم بە تایبەتی زمانی ئینگلیزیی دامەزرێنراوە، بۆ ئەوەی پرۆسەی فێربوون بە شێوەیەکی باشتر و خێراتر و زانیستییانە وئەکادیمیانە بەڕێوەبچێت.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

**توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر دوو بەشدا:**

**بەشی یەکەمی** توێژینەوەکە تایبەتکراوە بە ناسینی چەمکەکانی زمان و کەلتوور و باسکردنی زمانی یەکەم و دووەم و زمانی بیانی و چۆنێتی فێربوون و فێرکردنی زمان و کەلتوور وەك پرۆسەیەکی فێرکردن.

**بەشی دووەمی** تیشکی خستووەتەسەر باسکردنی پەیوەندی نێوان زمان و کەلتوور و گرنگی هەریەکەیان لە ئاشنابوونی بە ئەویتریان و خستنەڕووی ڕێکارەکانی ئاشناکردنی فێرخواز بە کەلتووری ئاخێوەرانی زمانی مەبەست.

**1) زمان و کەلتوور:**

پەیوەندی نێوان زمان و کەلتوور پەیوەندییەکی دوو قۆڵیی ئاڵۆز و تێکچرژاوە، لە دێرزەمانەوە جێی تێڕامان و سەرنجی فەیلەسوف و کۆمەڵناس و زمانناسەکان بووە، گریمانەکان دەربارەی سەرچاوەی زمان و پەیوەندی نێوان زمان و بیرکردنەوە، بیرکردنەوە و کەلتوور، زمان و کەلتوور بۆ لایەنگرانی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە بابەتە گرنگ و ئاشناکان بووە.

لەم ساڵانەی دوایدا و لە ئەنجامی جیهانگیریی و پەرەسەندنی پەیوەندییە جیهانییەکان و پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان چ بەهۆی بازرگانییەوە بێت، یان خوێندن لە وڵاتانی تر، یان گەشتوگوزار یان هەر هۆکارێکی تر، خواست لەسەر فێربوونی زمانی تر جگە لە زمانی دایك ڕووی لە زیادبوون کردووە و هەموان لە هەوڵدان بە باشترین شێوە و بە ئاسانترین ڕێگا فێری زمانی تر ببن، لە کوردستانیش وەکو هەموو جێگاکانی تر بەهۆی زۆریی خواست لەسەر فێربوونی زمانی بیانی چەندین ناوەند و پەیمانگای ( ئەمە جگە لە ناوەندەکانی خوێندن ) تایبەت بەو بوارە کراونەتەوە و لە هەوڵدان باشترین شێوە و ڕێگا بۆ فێرخوازان بخەنەڕوو، کەچی لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەدا هێشتا نەتوانراوە وەکو پێویست فێرخوازانی ناوەندەکانی خوێندن یان بەشداربووانی خولی فێربوونی زمان لە پەیمانگا و ناوەندە جۆراوجۆرەکاندا سەرکەوتووانە فێری زمانی مەبەست ببن و بەسەریدا زاڵببن. دیارە هۆکارەکانی ئەم حاڵەتەش زۆرە و ناتوانرێت تەنها پەیوەستبکرێت بە تاکە هۆکارێکەوە، لەوانە نەبوونی ئامێری تایبەت بە فێرکردن و نەبوونی سەرچاوە و کادری پێویست لەو ناوەندانە کە باسی توێژینەوەکەی ئێمە نییە، بەڵام یەکێك لە هۆکارە سەرەکی و گرنگەکانی ناکارامەیی فێرخواز لە کردەی فێربوونی زمانی بیانییدا دەگەڕێتەوە بۆ ئاشنانەکردنی فێرخواز بە کەلتووری ئاخێوەرانی ئەو زمانەی کە مەبەستە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدرێت چەمکە پەیوەستەکانی وەکو زمان و کەلتوور و پەیوەندی نێوان زمان و کەلتوور و کاریگەری هەریەکەیان لەسەر ئەوی تر ببێت و کاریگەری کەلتوور لەسەر پرۆسەی فێرکردنی زمان و گرنگترین ئەو ڕێکارانە بخرێنەڕوو کە پەیوەست و پێویستن بۆ ئاشنابوونی فێرخواز بە کەلتووری زمانی مەبەست لە چوارچێوەی پرۆسەی فێرکردندا.

**1/1) زمان**

ناسینی زمان و چییەتی زمان بابەتێکە پێشینەیەکی مێژوویی هەیە، لە سەدەی چوارەمی پێش زاینەوە سەرنجی زانا و فەیلەسوفگەلێکی وەکو ئەرستۆ و ئەفلاتۆن و چەندینی تری بۆخۆی ڕاکێشاوە. لە سەردەمی گریکەکانەوە تاوەکو ئێستا لێکۆڵەران و توێژەرانی جیهانی لە هەموو ڕووە جیاوازەکانی وەکو ( فەلسەفە و ڕێزمان و لۆژیك و ئەدەبیات و کۆمەڵناسی ... هتد) لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکانیان لەسەر ئەم ڕەگەزە جیاکەرەوەی نێوان مرۆڤ و گیانلەبەر خستووەتەبەرباس و چەندین پێناسەی جیاوازیان بۆ کردووە.

زمان بە هەموو ئەو پێناسە جۆراوجۆر و جیاوازانەی، کە بۆی کراوە تاڕادەیەك لەسەر گرنگترین پێناسەی کۆدەنگییەك هەیە، ئەویش بەکارهێنان و ناسینی زمانە، وەکو هۆکارێك بۆ لێکتێگەیشتن و پەیوەندیکردنی ئەندامانی کۆمەڵگا لە ڕێگەی ئەندامەکانی ئاخاوتن و بیستنەوە ( زمان وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بە گرنگترین کەرەستە و ئامرازی پەیوەندیکردن و لەیەکترگەیشتن دادەنرێت)[i]، یان دەگوترێت ( زمان بریتییە لە سیستەمێکی ڕێکخراو لە دەنگ و وشە و پێکهاتەی سینتاکسی کە بۆ بەرقەرارکردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان پێکهاتوون، هەروەها هۆکارێکە بۆ گواستنەوەی بیروبۆچوون و ئایدیا و نەریت و بیروباوەڕ و مەبەست و نیازەکانی مرۆڤ)[ii]، کەواتە بەدەر لە ڕۆڵی پەیوەندیکردن، زمان کەناڵێکی گرنگە بۆ گواستنەوەی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگادا، بەم پێیە ( زمان تایبەتمەندی مرۆڤە، شێوەی ناغەریزیی گواستنەوەی بیروباوەڕ و هەست و خواستنەکانی مرۆڤە لە ڕێگەی کۆمەڵە هێمایەکی هەڵبژێرراوە)[iii]، بە سەرنجدان لەو پێناسانەی سەرەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی کە زمان دەزگایەکە تێیدا مرۆڤەکان لە ڕێگەی کۆمەڵە هێمایەکەوە کە کۆمەڵگا لەسەری ڕێککەوتوون لەگەڵ یەکتری پەیوەندی درووستدەکەن، هەروەها لەگەڵ یەکدی هەڵسوکەوت دەکەن و بەهۆیەوە ئاڵوگۆڕی نەك تەنها بیرەکان، بەڵکو

نەریت و هەست و باوەڕەکانیش وەك پێکهێنەری کەلتووری مرۆڤ دەکەن، بۆیە دەگوترێت ( زمان ڕەنگدانەوە و ئاوێنەی کەلتوورە و بەهۆیەوە دەتوانین بەها کەلتووررەکان ئاڵوگۆڕبکەین)[iv]، لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر ئێمە بە هەر زمانێك گفتوگۆبکەین لەو ڕوانگەیەوە جیهان دەبینین، بەواتا زمانەکان جۆری تێڕوانین و دونیابینیی دیاردەکەن (زمان شێوەی بیرکردنەوەکان پێکدەهێنێت و پێماندەڵێت بیر لە چی دەکەینەوە)[v]، لەم سۆنگەیەوە دەتوانرێت بگوترێت، ڕەگ و ڕیشەی جۆر و چۆنیەتی بیرکردنەوەی کۆمەڵگا گرێدراو و پەیوەستە بە کەلتووری ئەو کۆمەڵگایەوە، چونکە (کەلتووری هەر نەتەوەیەك دەرکەوتە و ڕەنگدانەوەی ناسنامەی نیشتیمانی و نەتەوەییە)[vi]

**1-1/1) زمانی یەکەم، زمانی دایك:**

مەبەست لە زمانی یەکەم بە شێوەیەکی گشتی، ئەو زمانەیە کە مرۆڤ بۆ یەکەمجار فێری دەبێت و دەتوانێت قسەی پێبکات ( زمانی یەکەم ئەو زمانەیە کە منداڵ لە دایك و باوکییەوە وەریدەگرێت پێش ئەوەی بچێتە قوتابخانە)[vii]، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە مەبەست لە زاراوەی زمانی دایك، زمانی دایکیی ئەو کەسە، یان ئەو منداڵە نییە، چونکە ڕوودەدات خێزانێك لە ژینگەیەکی جیاواز لە ژینگەکەی خۆیاندا بژێت و منداڵەکەیان زمانی ئەو ژینگە تازەیە فێرببێت، بۆیە دەگوترێت زمانی دایك ( یەکەمین زمانی فێربووە لە لایەن تاکەوە، زمانێك کە تاك قسەی پێدەکات، گەشەی پێدەکات و بنەما کەلتووریی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاکەی خۆی پێ دەدۆزێتەوە وبەرجەستەی دەکات و خۆی پێدەناسێنێت)[viii].

**2-1/1) زمانی دووەم (زمانی بێگانە):**

کاتێك منداڵ تەمەنی گەورەتر دەبێت و دەخرێتە بەر خوێندن، یان خولی فێربوونی زمان، لەگەڵ زمانێکی تر، جگە لە زمانی یەکەم ڕووبەڕوو دەبێتەوە، بەو زمانە دەگوترێت زمانی دووەم کە مەبەست لێی ( ئەو زمانەیە منداڵ پاش فێربوونی زمانی یەکەم فێریدەبێت، سەرچاوەی فێربوونی ئەم زمانە، یان ماڵ، یان قوتابخانە، یان کۆمەڵگایە، بۆ نموونە مرۆڤێکی چینی، زمانەکەی سەرەتا هەر چینییە، بەڵام گەر کۆچ بکات بۆ ئەمریکا فێری زمانی ئینگلیزی ببێت، ئەوە زمانی دووەمی بۆ پەیدادەبێت کە ئینگلیزییە، چونکە ئەم زمانە لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاردێت)[ix]، کەواتە مەرجی بەکارهێنانان لە ژیانی ڕۆژانە دەیکات بە زمانی دووەمی ئەو کەسە جا لە ناوەندەکانی خوێندن بێت، یان کاروباری کارگێڕیی و ژیانی ڕۆژانە، ئەمەش جیایدەکاتەوە لە زمانی بێگانە، چونکە زمانی بێگانە ( زمانێکە لە ناوەندەکانی خوێندن فێردەکرێت، بەڵام زمانی خوێندن، یان زمانی پەیوەندیکردن نییە)[x]، وەکو زمانی ئینگلیزی لە زۆرێك لە وڵاتانی تر بە کوردستانیشەوە.

**2/1) کەلتوور:**

کەلتووری هەر کۆمەڵگایەك ڕووبەر و پانتاییەکی فراوانی لە ژیانی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە داگیرکردووە و ڕەنگدانەوەی لە چۆنیەتی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و ئایدیا و تێڕوانینی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە بۆ ژیان و دەورووبەر هەیە و هەژموونی خۆی دەسەپێنێت و ڕەگ و ڕیشەی بە پتەوی دەکوتێت و دەرکەوتەی لە دیاردە کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی و سیاسی و ڕۆشنبیریی و دابونەریتەکانی ژیاندا ڕەنگدەداتەوە و مۆرکی سەرجەم ڕووداوەکان و پاشخانی تاقیکردنەوە و ئەزموونی کەڵەکەبووی کەلەپووری مێژوو و شارستانیەت و دونیادیدەی نەتەوەیەك لە خۆدەگرێت (کەلتوور شێوەی ژیانکردنی ئێمەیە، فەرهەنگ کۆنتێکستێکە (سیاق) تێیدا پەیدادەبین، بیردەکەینەوە، هەست بە شتەکان دەکەین، لەگەڵ کەسانی تر پەیوەندی بەرقەراردەکەین، کەلتوور وەکو پردێکە تاکەکانی کۆمەڵگا بەیەکەوە دەبەستێتەوە)[xi] بەسەرنجدان لەم پێناسەیە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەوەی ئێمە دەبەستێتەوە بەیەکتریەوە لەناو کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا کەلتوورە.

پێناسەکردنی دیاردەیەکی ئاڵۆزی وەك کەلتوور کارێکی ئاسان نییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فراوانیی پێکهاتە و بەکارهێنانەکانی کەلتوور، چونکە ( کەلتوور ڕووبەرێکی فراوان لە رۆشنبیریی هەر کۆمەڵگا و گەل و میللەتێکی جیهاندا داگیردەکات، کە لە ڕێگایەوە دەناسرێتەوە و ئاوێتەبوون و دەرەنجامی ڕابردوو و ئێستایە)[xii]، هەروەها دەکرێت بگوترێت کەلتوور ناسنامەی نەتەوەییە، لە

نەبوونیدا گەل و نەتەوە پەرتەوازە دەبێت، چونکە کەلتوور بە سمبول و هێمای گواستنەوەی زانیارییەکان ئەژماردەکرێت، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر و ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت لە پەیوەستکردن و پێکەوەگرێدانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی کۆمەڵ و بەردەوامیدان بۆ مانەوەی کۆمەڵگایەکی تەندرووست و یەکگرتوو، هەر ئەم دۆخەش وایکردووە چەندین پێناسەی جیاواز بۆ کەلتوور بکرێت، یەکێك لە یەکەمین ئەو کەسانەی پێناسەی بۆ کەلتوور کردووە، مرۆڤناسی بەریتانی (تایلەر)ە، ئەو بڕوای وایە کەلتوور بریتییە لە ( گشتێکی ئاڵۆز لە زانست و هونەر و هزر و بیروباوەڕ و دیسپلین و دابونەریت و ترادیسیۆنەکان)[xiii] بەکورتی گشت ئەو فێربوون و دابونەریتانەی کە مرۆڤێك وەك ئەندامێکی کۆمەڵگا وەریدەگرێت سەرەتا سەرچاوەکەی کەلتوورە. دەشکرێت کەلتوور بە ڕێبازی ژیانی کۆمەڵێك یاخود تاکەکانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو پێناسە بکرێت، چونکە (کەلتوور سەرمایە و سامانێکی گەورە و بەرفراوانی پێشینان (باوباپیران)ە کە بۆمان مابێتەوە، کە لە کردار و گوفتارماندا دەردەکەوێت و ڕەنگدەداتەوە)[xiv]، کەواتە دەکرێت بگوترێت کەلتوور هەموو ئەو بەدیهێنراوانەیە کە پێشینان بەدەستیان هێناوە لە سەرجەم بوار و کایەکانی ژیانی کۆمەڵگادا، کە لە ئەمڕۆدا خاوەنی گرنگی و بەهایەکی زۆرە، وەکو پاشخانێکی نەتەوەیی فرە ڕەهەند، سود بە نەوەی نوێ و نەوەکانی داهاتوو دەبەخشێ، لە تێکڕای بوار وکایە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵگە ونەتەوەدا.

**1-2/1) ڕەگەزەکانی کەلتوور:**

بە شێوەیەکی گشتی پێکهاتە و ڕەگەزەکانی کەلتوور زۆر و بەرفراوانن و لە چەندین لق و پۆ پێکهاتوون و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر گۆڕانی بەسەردادێت و لە یەك کۆمەڵگاشدا بە پێی کات و شوێن دەگۆڕێت، بۆ نموونە لەوانەیە هەندێك دابونەریت بۆ کاتێکی دیارکراو ببن بە کەلتووری ئەو کۆمەڵگایە، بەڵام لەگەڵ گۆڕانێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی کە لەو کۆمەڵگایدا ڕوودەدات ئەو بنەمایەش گۆڕانی بەسەردابێت و چیتر وەك کەلتوور سەیرناکرێت، هەروەکو (تایلەر) دەڵێت: ( کەلتوور کۆمەڵێك ڕەگەزە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە و ڕەگەزەکانی بەسەر یەکەوە کەڵەکە دەبن و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بڵاودەبنەوە)[xv] بۆیە هەر زانا و بە جۆرێك و بەپێی بواری خۆی ڕەگەزەکانی کەلتووری دیاریکردووە، بۆ نموونە (تایلەر) وەك یەکەم زانا کە پێناسەی کەلتووری کردووە، بەم شێوەیە ڕەگەزەکانی کەلتووری دیاریکردووە ( زمان، ڕێوڕەسم، ترادیسیۆن، جلوبەرگ، خانوو، پیشە، هونەر، زانست)، بەڵام ئەگەر لە چوارچێوەی پێناسەیەکی سادە و ساکاردا بڕوانینە کەلتوور ئەوە (بریتییە لەو پاشماوانەی کە لە نەوەی کۆن و دێرینەوە گواستراونەتەوە بۆ نەوەی نوێ)[xvi] و لە نەوەی نوێشەوە دەگوێزرێتەوە بۆ نەوەی داهاتوو، سەرجەم ئەو پاشماوانەش دەبن بە دوو جۆرە ڕەگەزەوە، کە پێیان دەوترێت ڕەگەزەکانی کەلتوور، کە بریتیین لە کەلتووری بەرجەستە (کەلەپوور) و کەلتووری مەعنەویی، کە هەر یەکەیان چەندین لق و پۆی لێدەبێتەوە، هەندێجاریش ڕەگەزەکانی کەلتوور وەك دوو ئاست تەماشا دەکرێت (کەلتووری هەر کۆمەڵگایەك لە دوو بەش پێکدێت: ئەوانیش دیاردە بەرجەستەکان و دیاردە نابەرجەستەکانن)[xvii]، ئەوەی تایبەتە بەلایەنی بەرجەستەوە سەرجەم بابەتە کەلەپوورییە بەجێماوەکانی مێژووی دێرین و شارستانییەتی ئەو کۆمەڵگایە لەخۆدەگرێت، بۆ نموونە وەکو گۆزە و شەربە و جلوبەرگ و کارەستەکانی ناو ماڵ و کەرەستەی ڕاوکردن و جوتیاریی و ئامرازەکانی شەڕ و جەنگ و سەرجەم ئەو کەرەستە و ئامێر و ئامرازانەی کە لە کۆندا پێشینان بەکاریانهێناوە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا و مۆرك و ڕەنگ و بۆی نەتەوەیی ئەو میللەتەی پێوەیە، یاخود هەموو کاری دەستی ئەو گەل و نەتەوەیەیە، کە هەڵقوڵاوی بیر و هزری ئەو نەتەوەیەیە، کە دەکەونە چوارچێوەی ئەم چەشنە کەلتوورەوە، ئەوەشی لایەنی نابەرجەستە یان مەعنەویی کەلتوورە خۆی لە ( دابونەریت و بەها مرۆییەکان و ڕەفتار و باوەڕ و بیروبۆچوونەکان و زمان)دا دەبینێتەوە.

هەرچەند هەر کۆمەڵگایەك کەلتووری تایبەت بەخۆی هەیە و بەها مرۆییەکان و ڕەفتارەکان لە کەلتوورێکەوە بۆ کەلتوورێکی تر جیاوازن، بەڵام هەندێك تایبەتمەندی هاوبەش هەن لە نێو کەلتوورەکاندا کە بە تایبەتمەندییە گشتییەکانی کەلتوور دەناسرێنێن. یەکێك لەو تایبەتمەندییە هاوبەشانە زمانە. بەواتایەکی تر زمان بە یەکێك لە تایبتمەندییە هاوبەشەکانی نێوان کەلتوورە جیاوازەکان دادەنرێت. (هەروەکو دەزانین لێکدژی کەلتووریی (cultural conflicts) دەبێتەهۆی هاتنەئارا و دەرکەوتنی شۆکی کەلتووریی (culture shock/ Bump) و هاوبەشیی کەلتووریی دەبێتەهۆی ئاسانتربوونی پەیوەندی و بەریەککەوتنەکان لەگەڵ

یەکتریدا)[xviii]. بۆیە دوای دیاریکردن و دەرکەوتنی زمان وەك تایبەتمەندییەکی هاوبەشی کەلتوورەکان، زانینی پەیوەندی نێوان زمان و کەلتوور گرنگی و پێویستییەکی ئاشکرایە.

**3/1) زمان و کەلتوور:**

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵیەتییە و دەرکەوتەی دەرەنجامی چالاکی پەیوەندییە مرۆییەکانە، لەم ڕوانگەیەوە (زمان پاشخانی هونەری و ئەدەبی هەر نەتەوەیەکە لە نەتەوەکان، کە مێژووی نەتەوە و شارستانییەت و ئەدەب و ئاکار و ڕەوشت و ناوبانگ و تایبەتمەندێتی و بۆچوونی و بیروباوەڕ و خەون و ئایندە لە خۆدەگرێت)[xix]، بەم پێیە کەلتوور پایە و پێکهاتەیەکی بناغەیی و بنچینەیی کۆمەڵایەتییە و ئامراز و ئەندامێکی ژیاری کۆمەڵگایە و لە هەمان کاتدا زمانی کەلتووری ڕەنگدانەوە و ئاوێتەی سەرجەم ئەو تایبەتێتیانەیە، لەبەر ئەوەی زمان ( بەشێکی دانەبڕاوە لە کییان و قەوارەی هەر نەتەوەیەك، پەیوەندی نێوان زمان و نەتەوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی تەواوکەرییە، زمان شێوازی بیرکردنەوە و ئامرازی پەیوەندیی و هۆکاری بەردەوامی بوونی نەتەوەیە)[xx] کەواتە پەیوەندییەکی دوو جەمسەری لە نێوان زمان و نەتەوەدا هەیە، لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین نە زمان بە بێ نەتەوە بوونی دەبێت و نە نەتەوەش بە بێ زمان دێتەکایەوە، کەلتووریش ئاوێتە و ئاوێزانی هەردووکیان بووە.

یەکێك لە لقەکانی زمانناسی، مرۆڤناسی زمانە، کە لە پەیوەندی نێوان زمان و کەلتووری کۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە. سروشتی پەیوەندی نێوان زمان و کەلتوور ئاڵۆز و تێکچڕژاو و بەیەکداچووە، بۆیە هەریەکە بەجۆرێك و لە دیدگایەکی تایبەتەوە باس لە پەیوەندی نێوان زمان و کەلتوور دەکات، ئەنترۆپۆلۆجیستەکان و زمانەوانەکان پێیانوایە ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان زمان و کەلتووردا هەیە، پەیوەندییەکی دانەبڕاوە و لەیەکتری جیاناکرێنەوە، چونکە واتای دەربڕاوەکان تەنها لە واتای وشەکانەوە بەدەستنایەت، بەڵکو لەو ڕێکەوتنەوەیە کە لە کۆمەڵگا و کەلتووردا لەسەری ڕێکدەکەون لەم بارەیەوە (ڕیساگەر) پێی وایە (زمان کەلتوورە و کەلتووریش زمانە، ئەو دوانە لەیەکتری جیانابنەوە)[xxi]. بە واتایەکی تر زمان و کەلتوور وەکو دوو ڕووی یەك دراون.

پەیوەندی نێوان زمان و کەلتوور بەڕادەیەك پتەوە زۆرێك لە زمانەوانان، زمان بە ڕەنگدانەوەی کەلتوور دادەنێن (زمان ئاوێنەی کەلتووری کەسانێکە کە بەو زمانە گفتوگۆدەکەن)[xxii]، بەواتا کاتێك دەڵێین هەر فۆرمێکی زمانی واتایەکی هەیە، مەبەستمان واتای فەرهەنگییە، دەنا واتایەکی تریش دەگەیەنێت کە بە کەلتوورەوە بەستراوەتەوە، بۆیە کەلتوور زۆر لە زمان فراوانترە، بۆ نموونە ئەگەر لە زمانێکدا چەند ناولێنەرێك بۆ ناولێنراوێك دابنرێت و بەکاربهێنرێت نیشانەی گرنگی و بەها و بایەخی ئەو ناولێنراوەیە لە ژیان و کەلتووری ئەو کۆمەڵگایەدا، بە واتایەکی تر ئەگەر زمانێك وشەی زۆری بۆ ئاماژەکردن بە شتێك یان دیاردەیەك هەبێت، نیشانەی ئەوەیە ئەو کەرەستە و دیاردەیە ڕووبەرێکی بەرفراوانی لە ژیانی ئەو گەل و نەتەوەدا داگیرکردووە و بووەتە جێی بایەخیان و وەکو بەشێك لە کەلتووری ئەو گەلە دادەنرێت وهەژماردەکرێت، بێگومان بوونی ناولێنەرێك بۆ ناولێنراوێك نیشانەی بوونی ئەو ناولێنراوەیە لە نێو فەرهەنگی ئەو کۆمەڵگایەدا، یان کاتێك پێداویستییەکانی ژیان لە ڕێگەی کەرەستەیەك زیاترەوە بەدەستبێت، ئەوا چەند وشەیەکی زۆر بۆ ئەو کەرەستەیە دادەتاشرێت، بۆ نموونە لەبەرئەوەی خورما لەلایەن خەڵکی (جەهرەم)هوە بایەخی زۆری هەبووە، لە شێوەزارەکەیاندا کۆمەڵە وشەیەکی زۆر بۆ ئەو خواردنە و خودی درەختی خورما و ڕێگاکانی بەرهەمهێنان و چاندنی خورما هەیە، کەچی لە شێوازی ئاخاوتنی تارانی و ئەسفەهانیدا ئەو ژمارە زۆرە بۆ ئەو خۆراکە نییە، بەهەمان شێوەش لای ئەو خەڵکانەی لە بیابانەکاندا دەژین چەندین وشە بۆ گیانلەبەری (حوشتر) و پێداویستییەکانی داڕشتووە، لەبەرامبەردا ئەو خەڵکەی کە لە کەناری دەریادا دەژین چەندین وشەیان داتاشیوە بۆ پیشەی ڕاوەماسی و بەخێوکردنی ماسی. لە مەکسیك گەلێك هەیە لە فەرهەنگی زمانەکەیاندا هیچ وشەیەکیان بۆ ئاماژەکردن بە (بەفر) نییە، چونکە لەو جێگایەدا شتێك نییە بە ناوی بەفر و دیاردەی بەفربارینەوە. بەپێچەوانەی گەلی (ئەسکیمۆ)وە کە بەفر ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، چەندین زاراوەیان هەیە بۆ ئەو دیاردەیە، ئەم نموونانە و هەزاران نموونەی تر دەرخەری ئەوەن کە دیاردە کەلتوورییەکانی کۆمەڵگایەك لە فەرهەنگی زمانی ئەو کۆمەڵگایەدا ڕەنگیداوەتەوە.[xxiii] لەبەر ڕۆشنایی ئەم نموونانە، زمانەوانان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی، کە کەلتوور ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاو دەگێڕێت لە پۆلێنبەندیی و جیاکردنەوەیان لەیەکتریی (کەلتوور لە پۆلێنبەندیی زمانییدا (linguistic classification) ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە)[xxiv]، بە واتایەکی تر (زۆرێك لەو هۆکارانەی کە دەبنەهۆی جۆراوجۆریی زمانەکان لەسەر بنەمای جیاوازییە

کەلتوورییەکان دەخرێنەڕوو)[xxv] بۆ نموونە هۆزە جۆراوجۆرەکان خاوەنی زمانی جیاوازن و بە تێڕوانینی جیاواز لە جیهان دەڕوانن و لە زمانەکەیشیاندا بە ئاشکرا ڕەنگیداوەتەوە و ئەمەش گەواهیدەر و دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە زمان ئاوێنە و ڕەنگدانەوەی کەلتوورە و گەنجینەی ئاوەزی فەرهەنگی تاکەکانی کۆمەڵگایە و بە سەرچاوە و هەڵقوڵاوی کۆی کەلتووری ئەو نەتەوە و کۆمەڵگایە دادەنرێت. بۆیە بۆ ئەوەی بەکارهێنانی زمان لە شوێنی گونجاو و شایستەدا بێت و لەهەمانکاتدا پەیوەندییەکی کەلتووری درووست سەرهەڵبدات و بێتەئاراوە، پێویستی بە شارەزابیی و ئاشنابوونە لەگەڵ پەیام و ڕەفتار و دابونەریتە کەلتوورییەکاندا، چونکە دەکرێت کەلتووری هەر کۆمەڵگا و نەتەوەیەك بۆ گەیاندنی پەیامەکەی شێواز و کەرەستەی جۆراوجۆ و تایبەت بەخۆی هەبێت، ( دەبێت جیاوازییە کەلتووررییەکان (لە سودوەرگرتن لە بەرزی و نزمی دەنگ و ئاوازە و چۆنیەتی وەستان و هەڵسوکەوتکردن) و ڕەوشتی ئاخاوتن (politeness) و چەندین جیاوازیی تر لە کردەی ئاخاوتندا لەبەرچاوبگیرێن)[xxvi]، چونکە لایەنی ڕەوشت و ڕەفتار لە کەلتوورە جیاوازەکاندا دەگۆڕرێت، بۆ نموونە کاتێك ئافرەتێکی کەنەدیی دەچێتە بەریتانیا بەردەوام هەست بە شەرمەزاریی و ئیهانەدەکات، کاتێك لە ڕێستۆرانتێکی قەرەباڵغدا کەسێك بەبێ ئەوەی مۆڵەتی لێ بخوازێت لەسەر مێزەکەی دادەنیشێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و لە بەریەککەوتنەکانی تردا هەستدەکات کەلتووری بەریتانی جیاوازە لە کەلتوورەکەی ئەو، چونکە ئەوەی بەلای ئەمەوە ناخۆش و بێزارکەرە لە کەلتووری بەریتانیدا ئاساییە[xxvii].

بەسەرنجدان لەوەی کە باسکرا دەتوانین بڵێین: ناتوانرێت زمان و کەلتوور لەیەکتری جیابکرێتەوە و هەر زمانێك لە پێکهاتەیەکی کەلتووریی تایبەتدا شێوەدەگرێت و هەر کەلتوورێکیش لە ناوخۆی خۆیدا زمانێکی هەڵگرتووە. بەو واتایەی بوونی زمان بە بێ کەلتوور مەحاڵە، لە هەمان کاتیشدا بوونی کەلتوور بەبێ زمان چاوەڕواننەکراوە. بۆیە بۆ بەدیهێنان و ڕەخساندنی دەرك و تێگەیشتنی کەلتووریی پێویستە ( فێرخوازان بگەن بە توانستی نێوان کەلتووریی (competence intercultural) بۆئەوەی توانای بەرقەرارکردنی پەیوەندییان لە ژینگە وپێکهاتەی نێوان کەلتوورییدا هەبێت)[xxviii].

### 2) فێرکردنی کەلتوور و ڕێکارەکانی:

### 1/2) فێرکردنی کەلتوور و زمانزانیی:

ئاشکرایە، زمان نەك تەنها یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزەکانی کەلتوور، بەڵکو ڕەنگدانەوەی کەلتووریشە، بۆیە تێگەیشتن و دەرکی کەلتوور کلیل و بنەمای فێربوونێکی سەرکەوتووانەی زمانە، خوازیارانی زمان ناتوانن بەتەواوەتی بەسەر زمانێکدا زاڵ بنن تاوەکو بەسەر ڕەهەندە جیاوازەکانی کەلتووری ئەو زمانەشدا زاڵنەبن ( فێربوون و زاڵبوون بەسەر زمانی دەرەکی بە هەرچوار لایەنی بیستن و قسەکردن و نوسین و خوێندنەوە، بەواتای فێربوونی تەواوەتی زمان و بەدیهێنانی پێویستییەکانی نییە، لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئاخێوەرانی زمانی دووەمدا، چونکە توانست سەرەڕای زانین و لێهاتوویی بەدەستهاتوو دەربارەی زمانی دووەم، پێویستی بە هەندێك زانین و لێهاتووی تر هەیە، کە لە دەرەوەی خودی زماندایە، ئەویش خۆی لە توانستی بەرقەرارکردنی پەیوندی و توانستی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی وزانیارییەکانی تایبەت بە کەلتوور دەبینێتەوە)[xxix]

لەم ڕووەوە هەوڵدەدەین تیشکێکی خێرا بخەینەسەر پرۆسەی خوێندن و فێرکردنی کەلتوور لە پرۆسە و کردەی فێرکردنی زماندا.

فێربوونی کەلتوور یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی کە بووە بە جێی سەرنج لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا، هەرچەند پێشتر و لە دێرزەمانەوە باس لە فێرکردنی کەلتوور کراوە، بەڵام وەك بابەتێکی سەربەخۆ (فێرکردن و خوێندنی زمان و کەلتوور تا ساڵی (1990) پەیوەندییان بەیەکەوە نەبوو و لەم قۆناغەوە بە دواوە بوو، کە گرنگی بە کارایی هاوبەشی ئەم دووانە دراوە پێکەوە)[xxx]

مەبەست لە خوێندنی کەلتوور، شارەزابوون و گرنگی پێدان و بەهەندوەرگرتنی کەلتوور و ڕەگەزەکانێتی لە پرۆسەی فێرکردنی زمانی دووەم یان زمانی بیانیدا، بەواتایەکی تر فێرکردنی زمان دەبێت فێرکردن و خوێندنی کەلتووری خاوەنی زمانی مەبەستیش بگرێتەوە، نەك تەنها خودی زمان و کەرەستە پێکهێنەرەکانی زمان بەو واتایەی کە پێویستە لە کاتی پرۆسەی فێرکردنی زماندا، ئاشناکردنی فێرخواز بە کەلتووری مەبەست بخرێتە چوارچێوەی پرۆسە و پرۆگرامی فێرکردنەوە، تانگ (trang: 1998) دەڵێت: (بۆ فێربوونی زمانێکی بیانی کەسەکە دەبێت بەو زمانە قسەبکات و بنوسێت. ئەگەر کەسێك دەیەوێت بە زمانێك قسەبکات، دەبێت وەکو ئاخێوەرانی ئەو زمانە بیربکاتەوە، چونکە تەنها لەوکاتەدا دەتوانێت وەکو ئەوان قسەبکات (لە گەیاندن و تێگەیشتندا هیچ

کێشەیەکی نەبێت) ناسنامەی ئەو کەسە لە بیر و هۆشی ئەودا بەرجەستە دەبێت)[xxxi] بۆ نموونە کەسێك بیەوێت بە فارسی گفتوگۆبکات بە ئاگاییەوە بێت، یان نائاگایی ناسنامەی فارسی لەخۆدەگرێت، بۆیە دەبێت وەکو کەسێکی فارسیـزمان بیربکاتەوە، ئەمەش لە کاتێکدا بەدیدێت ئاشنای کەلتووری فارسی بووبێت. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین کەلتوور زمانە و زمانیش ڕۆح و ناسنامەی ئەو گەل ونەتەوەیەیە، کە بەو زمانە قسەدەکات.

هەر لەم بارەیەوە پیتەرسۆن و کۆلترین (Peterson, Coltrane) لە وتارێکدا بەناوی (کەلتوور لە فێرکردنی زمانی دووەمدا) باسی گرنگی ڕۆڵی کەلتووریان کردووە لە کردەی فێرکردنی زمانی دووەمدا، ئەوان لەو باوەڕەدان فێرخوازانی زمان دەبێت ئاگاییان لەسەر کۆمەڵە بابەتێکی وەك شێوەی گونجاوی بانگکردن، سوپاسکردن، داواکردن، قبووڵکردن و ڕەتکردنەوە یان هەر بابەتێکی تری کۆمەڵایەتییان هەبێت، دەبێت بزانن ڕەنگە سەرمەشقە ڕەفتارییەکان و ئاوازی دەنگ و دەنگهەڵبڕینی زمانەکەی خۆیان جیاوازبێت لە زمانێکی تر و ئەوەی لای ئەمان پەسەند و گونجاوە ڕەنگە بۆ زمانێکی تر بەو شێوەیە نەبێت)[xxxii] بۆ نموونە بەکارهێنانی جێناوی سەربەخۆی (شماـئێوە) بۆ کەسی دووەمی تاك یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمانی فارسی و ئاخێوەرانی زمانی فارسی بە درووستی ئاشنای ئەو کەلتوورەن و لە شوێنی گونجاوی خۆیدا بەکاریدەهێنن، کە بۆ ڕێزگرتنە لەکەسی بەرامبەر و زۆرجار بۆ کەسێکی بە تەمەن لە خۆی گەورەتر یان سەربە چینێکی باڵاتر لە خۆی یان کەسێك پلەو پۆستێکی بەرزتر لەخۆی هەبێت بەکاردەهێنر]ت، هەروەها کەرەستە زمانییەکانی وەکو ( تۆ، ئێوە، بەڕێزت، جەنابت) لە زمانی کوردیدا هەمان تایبەتمەندیی (شما)ی زمانی فارسیدا هەیە، لە بەکارهێناندا لە شێواز و دەورووبەری جیاوازدا، بۆیە کەسێك بیەوێت زمانی فارسی یان زمانی کوردی فێرببێت، دەبێت بە دروستی ئاشنای ئەو کەلتوورە بکرێت و بتوانێت وەك ئاخێوەرێکی (فارسیـ ـ زمان) یان (کوردـزمان) ئەو زمانە بەکاربهێنێت، چونکە بە پێچەوانەوە ڕەنگە ڕووبەڕووی ڕەخنە و شەرمەزاریی ببێتەوە، بۆیە ئەگەر دەتەوێت بە دروستی و تەواوەتی فێری زمانێك ببیت، دەبێت پەی بە وردودرشتی بنەما کەلتوورریەکانی ئەو زمانە ببەیت و لە شوێن و کاتی گونجاودا زاراوە و کەرەستەی زمانی گونجاو بەکاربهێنیت.

بەپێی ئەم بنەمایە هەریەکە لە (Tomalin, Stempleski) و چەند ئامانجێکیان لە فێرکردنی کەلتوور لە پرۆسەی فێرکردنی زمانی دووەمدا خستوەتەڕوو، لە گرنگترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە[xxxiii]:

1- یارمەتیدانی فێرخوازان بۆ تێگەیشتن لەو ڕاستییەی کە هەموو مرۆڤایەتی خاوەنی ڕەفتاریی کەلتوورین.

2- یارمەتیدانی فێرخوازان بۆ تێگەیشتن لەوەی کە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو تەمەن، ڕەگەز، چینی کۆمەڵایەتی و شوێنی نیشتەجێبوون (ژینگەی پەروەردەیی) کاریگەریی دروستدەکەن لەسەر ڕەفتاری تاك وکۆمەڵگا.

3- یارمەتیدانی فێرخواز بۆ ئاگایی پەیداکردنیان لەسەر ڕەفتارە باوەکان لە شوێن و هەڵوەستەی تایبەت لە زمانی مەبەستدا.

4- یارمەتیدانی فێرخواز بۆ زیادکردنی ئاگاییان دەربارەی واتایی کەلتووری وشە و دەربڕاوەکانی لە زمانی مەبەستدا.

5- وروژاندنی هەستی خۆهەڵقورتێنیی (فزولیی) فێرخوازان دەربارەی کەلتووری مەبەست و بوژاندنەوەی هەستی هاوسۆزیی لەگەڵ هەڵگرانی ئەو کەلتوورە.

ئەمانە و چەندین ئامانجی تر لە فێرکردنی کەلتووردا بەدیدەکرێت، لەوانە (هاندانی فێرخواز بۆ شارەزابوون و ئاشناترکردنی بە کەلتووری خۆی، زیادکردنی پاڵنەر بۆ فێربوون، پاڵپشتکردنی و خۆشەویستکردنی ئەو گەلەی کە زمانەکەی دەخوێنێت، زیادکردن و پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی زانیاریی گشتی و پەروەردەکردن و پێشخستنی توانا هزری و مەعریفییەکان... هتد)، هەریەکەو ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە ئاشنایەتی پەیداکردن لەسەر ئەو کەلتوورە و سەرەنجام فێرخواز بە شێوەیەکی باشتر و بەرفراوانتر شارەزایی و ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو کەلتوورەدا پەیدادەکات و دەتوانێت بەسەر زمانی مەبەستدا سەرکەوتووانە و زانستیانەتر زاڵببێت بە باشی و بە کارامەیی و لێهاتوویی لە هەموو کات و شوێن و هەڵوەستە و هەڵومەرجێکدا بەکاریبهێنێت، بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ هەڵەتێگەیشتن و شپرزەیی و شڵەژانیی و شەرمەزارییەك ببێتەوە.

سەرباری ئەو سود و گرنگییەی فێرکردنی کەلتوور لەکاتی فێرکردنی زمانی بیانییدا کە خرانەڕوو، بۆچوونێکی پێچەوانەش هەیە و پێی وایە فێرکردنی کەلتوور لە پرۆسەی فێرکردنی زمانی دووەمدا نەك سودی نییە بەڵکو زیانبەخشە و دەبێت خۆمانی لێ بەدووربگرین، پاساوی لایەنگرانی ئەم بۆچوونەش ئەمانەی خوارەوەیە:

**یەکەم**: هەندێك لە نەیارەکانی بایەخدان بە کەلتوور، پێیانوایە خوێندن و فێرکردنی کەلتوور ڕەنگە ڕێگریی لەبەردەم فێرکردنی زماندا درووستبکات، واتە بەهۆی فێرکردنی کەلتوورەوە مەبەستە سەرەکییەکە کە فێرکردنی زمانە ڕێگریی بۆ دروستببێت.

**دووەم**: پاساوێکی تری ئەم گروپە ئەوەیە کە ئیمپریالیزمی زمانی و ئیمپریالیزمی کەلتووریی وەك کێشەیەکی گەورە لە بەردەم فێرکردنی زماندا دەبینن کە بەهۆی خوێندنی کەلتوورە بەدەستدێت، چونکە هەندێك پێیانوایە خوێندن و فێرکردنی زمان و کەلتوور دەبێتەهۆی داگیرکردنی هزری فێرخوازان[xxxiv]. لایەنگرانی ئەم بۆچوونە پێیانوایە هەژموونی زمانەکان بەتایبەت زمانێکی وەکو زمانی ئینگلیزیی بووەتەهۆی داگیرکردنی مێشك وبیریان و کاریگەریی نەرێیی لەسەریان هەیە.

بەسەرنجدان لەوەی پێشتر دەربارەی گرنگیپێدان و بایەخدان بە کەلتوور لە کاتی پرۆسەی فێرکردنی زمانی بیانیدا گوترا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەوا دوو بۆچونی جیاواز هەیە، هەندێکیان لەگەڵ ئەوەدان پێویستە لە پرۆسەی فێرکردنی زماندا گرنگی و بایەخ بە ئاشنابوون و شارەزابوونی خوێندنی کەلتوور بدرێت، تەنانەت جەخت و پێداگریی لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە پێویستە مامۆستایان و وانەبێژان و پسپۆرانی بواری زمانەوانی لە بناغەدا ئاشنایی و شارەزاییەکی باشیان لەسەر کەلتووری ئاخێوەرانی ئەو زمانە هەبێت، کە دەیڵێنەوە، چونکە بە فاکتەری سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکردنی زمان دادەنێن، کەچی گروپەکەی تر نەك تەنها گرنگیدان بە کەلتوور بە بابەتێکی لاوەکی و ناپێویست دەزانن و لەگەڵ ئەوەدا نین بابەتی کەلتوور تێکەڵ بە زمان بکرێت، تەنانەت بە زیانبەخش و خراپیش لە قەڵەمیدەدەن، بە پاساوی ئەوەی، کە ڕێگریی دەکات لە زوو فێربوونی زمان، هەروەها پێیانوایە هۆکارێکە بۆ تێکدانی هزر و بیرکردنەوەی فێرخواز، بەتایبەت ئەگەر هاتووە جیاوازی نەژادیی و ئاینیی و کەلتووریی زۆر لە نێوان فێرخوازانی زمانی بیانی و زمانی مەبەستدا هەبوو، بەڵام لە ڕوانگەی ئەوەی گوترا و بە لەبەرچاوگرتنی دەرەنجامی ئەو ئەزموونەی لە پرۆسەی فێرکردنی زماندا بینراوە، ناتوانرێت گرنگی و پێگەی کەلتوور لە پرۆسەی فێرکردنی زماندا لەبەرچاونەگیرێت، چونکە گرنگیدان و بایەخدان و ئاشنابوون و شارەزابوونی کەلتوور و ئاوێتەکردنی بە پرۆگرامی پرۆسەی فێرکردنی زمانی بیانی دەبێتە فاکتەرێکی بناغەیی و بنچینەیی بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی زیاتر لەم بوارەدا، بە کەمترین وزە و لە کەترین کات و ماوەدا، ئەمەش بە پایە و بابەت و کرۆکی سەرەکی کۆی پرۆسەکە دەزانرێت، هەروەها کۆمەڵگا و زمان و کەلتوور سێ چەمکی ئاوێتەکراو و دانەبڕاو و ڕەنگدانەوەی یەکدین، لە دابڕانی یەکێکیاندا ئەوانی تر بەدینایەن، چونکە بەشێکی هەرە زۆری زانیاریی زمانی، لە زانیاریی کەلتوورییەوە سەرچاوەیگرتووە، بەم پێیە زمانی کۆمەڵێك، لایەنێك لە کەلتووری ئەو کۆمەڵگایەیە.

**1/2) ڕێکارەکانی فێرکردنی کەلتوور:**

باسکردنی بابەتی خوێندنی کەلتوور لە کردی فێرکردنی زماندا بابەت و شتێکی تازە نییە، بەڵام زۆرجار لە سنورێکی تەسك و لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و داخراو و لە چەند بابەتێکی سنورداری پەیوەست بە خوێندنی کەلتوورەوە باسی لێیوەدەکرێت، بۆ نموونە زۆرجار لە باسکردنی بابەتەکانی جلوبەرگی لۆکاڵی و فۆلکلۆر و گۆرانی میللی و فۆلکلۆریی و جۆری خواردن و ئاهەنگ و ڕێوڕەسمەکانیاندا قەتیسدەکرێت، هەرچەند ئەم بابەتانەش گرنگی خۆیان هەیە بەتایبەت کاتێك ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم لایانانە بخرێتەڕوو و هاوشانی فێرکردنی زمان بە وردی سەرنجیان پێبدرێت، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە کە فێرخوازان فێربکرێن و ڕابهێنرێن لەسەر سەرجەم وردەکارییەکانی کەلتووری زمانی مەبەست، بەمەبەستی چۆنیەتی بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەکانی زمان، بە کارامەیی و شارەزایی و لێهاتوویەوە لە کات و شوێن و هەلومەرج و هەڵوەستەی جۆراوجۆر و جیاجیادا، هەموو ئەمانەش گرێدراو و پەیوەستە بە بەهرە و توانای پەیوەندیکردنی زمانییەوە بۆ بەکارهێنانی فۆرمە زمانییەکان بە شێوەیەکی بەهرەمەندانە و فراوانتر لە لە دەوروبەرە جیاجیاکاندا، لەم ڕوانگەیەوە پێویستە و دەبێت چالاکی و ئامانجە کەلتوورییەکان تێکەڵ و ئاوێتەی پرۆسەی فێرکردنی زمان بکرێت وەك ئامرازێکی فێکردن، بێگومان ئەمەش کارێکی لە خۆوە نییە و پێویستی بە ڕێکار و بنەمای تایبەت هەیە ( نابێت چاوەڕێی ئەوە بکەین، فێرکردنی کەلتوور بە شێوەی خۆکار و لەخۆوە و لەکاتی فێرکردنی زماندا ئەنجامدبدرێت، بەڵکو دەبێت ڕێکار و شێوازی تایبەت بە فێرکردنی کەلتوور دیاریبکرێت و بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە)[xxxv]، بۆیە لەبەر ڕۆشنایی سەرچاوە بەکارهاتووەکان و پشتبەستن بە ئەزموون و پسپۆریی توێژەران، چەند ڕێکارێکی پێویست و گرنگ دەخرێنەڕوو کە دەبێ لە کردەی فێرکردنی زماندا گرنگیان پێبدرێت و لەبەرچاوبگیرێت:

**1- خستنەڕووی پەندی پێشینان (proverbs):**

پاشخانی پەندی پێشینان، وەك ژانرێكی ئەدەبی لە ڕووداوەكانی ژیانی كۆمەڵگاوە كانگا و سەرچاوەی گرتووە، هەڵقوڵاو و بەرهەم و كاكڵەی دنیادیدەی پێشینانی نەتەوەیەكە، لە مەڕ ڕووداو و دیاردە و بەسەرهاتەكان و گێڕانەوەیان بە شێواز و هونەرێكی دانسقەی سادە و ڕوونبێژییەكی باڵا پێشكەشكراون، بە سەرمایە و سامانی كەلتووری نەتەوە ئەژماردەكرێت، كە دەكرێت وەك ئامراز و ڕێكارێك لە پرۆسەی فێركردنی زمانی دووەمدا بەكاربهێنرێن و سودی زۆری لێببینرێت، بەتایبەت لەو بابەتانەی كە زیاتر باس لە بەسەرهات و ئامۆژگاری و ڕووداو و بابەتە كۆمەڵایەتییەكان دەكات و دەكەونە چوارچێوەی پەندی پێشینانەوە و بەراوردكردنی لەگەڵ پەندی هاوتای لە زمانی یەكەمدا، ئەمەش دەبێت بە ڕێكارێك بۆ ئەوەی فێرخواز زیاتر و باشتر لە زمانی مەبەست بگات، ئەمە لەلایەكەوە، لەلایەكی تریشەوە لەبەرئەوەی ژانەری لەدایكبوونی پەندێكی پێشینانی هەر گەلێك بەسەرهات و چیرۆك و ڕووداو و بۆنەیەكی تایبەتی هەیە، پێویستە مامۆستای پسپۆری بواری زمان ئاشنایی و شارەزاییەكی باشی دەربارەی مەبەست و هۆكاری لەدایكبوون و سەرهەڵدانی هەر پەندێكی پێشینانی هەبێت، بۆ ئەوەی ئەو مەبەست و هۆكارانە بە فێرخواز بگەیەنێت و لە هەمان كاتدا دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ زیاتر شارەزابوونیان لە بابەتەكان و باشتر ئاشنابوونیان بە كەلتووری زمانی دووەم، دەرەنجام ئەو زمانە چالاكتر و خێراتر وەردەگرن و فێردەبن، ئەمەش بە ڕێكارێكی گرنگ هەژماردەكرێت بۆ فێربوونی زمانی دووەم.

**2- تابوو (Taboo):**

هەموو زمانێك خاوەنی كۆمەڵێك كەرەستە و دەربڕینی زمانییە، كە لە ڕووی كەلتووری و كۆمەڵایەتییەوە ناوهێنان و بەكارهێنانیان بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ نەشیاو و ناپەسەندە، ئەو دیاردە و چەمكانە بە (تابوو)[xxxvi] ناسراوە، چونكە (تابوو ئەو كەرەستە و دەربڕینە زمانیانەن كە ڕووی وتنیان نییە و هەڵگری واتای نەشیاو و ناپەسەندن و ناوهێنانیان بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ بەپێی هەندێك ئایین و كەلتوور و دابونەریت و بەها كۆمەڵایەتییەكان قەدەغە و ڕێگەپێنەدراوە، یاخود مایەی نەنگی و شەرمەزاریی و بێ ئەدەبییە و پێچەوانەی ڕەفتار و ڕێسا و ئاكارەكان پیشاندەدات)[xxxvii]، بۆیە پێویستە لە پرۆسەی فێركردنی زمانی بیانیدا ڕەچاوی كەلتووری ئاخێوەرانی ئەو زمانە بكرێت، بە مەبەستی خۆپاراستن و دووركەوتنەوە لە بەكارهێنانی ئەو وشە و دەربڕاوە تابوویانە، كە لەو كۆمەڵگایەدا هەیە. بێگومان ئەمەش لە ڕێگەی ئەو وشە و دەربڕاوانەوە دێتەئەنجام كە لەگەڵ ئەو وشە و دەربڕاوە تابوویانەدا دەبن بە هاوواتا و لەناو كەلتوور و كۆمەڵگادا ڕێگەپێدراو و شیاوی وتنن، ئەمەش گەواهیدەر و سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن كە فێرخواز لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا پێویستی بە شارەزایی و ئاشنابوون بە كەلتووری ئەو زمانە هەیە، چونكە باسكردن و زانینی ڕەهەندی كەلتووری وشە و دەربڕاوەكان لەو پرۆسەیەدا گرنگ و پێویستە، لەبەرئەوەی ( خودی تابوو ئەو شتەیە، كە بە پێودانگە كۆمەڵایەتییەكانەوە پەیوەستە و بە ڕاستەوخۆیی ناوترێن یان وتنیان قەدەغەیە، ئەمەش لە كۆمەڵێكەوە بۆ كۆمەڵێكی تر دەگۆڕێت)[xxxviii] ، لەم ڕوانگەیەوە دەبێت لە پرۆسەی فێركردن و لە كاتی ئاخاوتندا بە وریاییەوە لەگەڵ وشە و دەربڕاوە تابوویەكاندا مامەڵەبكرێت بۆ خۆپاراستن و دووركەوتنەوە لە شەرمەزاریی، بەڵام ئەگەر بەناچاری بەكارهێنران، ئەوە پێویستە ڕەچاوی یاسای تابوو بكرێت، ئەویش پێش وتنی وشە تابووەكان دەبێت ئەم وشە و دەربڕاوانە بەكاربهێنرێت ( پەرژینێكی قایم لە ڕووتان، عەیب نەبێ، حاشاحازریی، بیلامانا، دووربێت لە ڕووتان، شەرع شەرمی نییە، ئێوەش وەك برامن/ خوشكمن، پەرژینێكی گوڵ بێت لە ڕووتان ... هتد) دیسانەوە دەبێت بگوترێت بۆ وتنی هەر یەكە لەو وشانە لە هەڵوێستە و كات و شوێنی خۆیدا لە كاتی ئەنجامدانی پرۆسەی فێركردنی زمانی دووەمدا پێویستیمان بە ئاگایی و شارەزایی لە كەلتووری ئەو زمانە هەیە.

**3- ئیدیۆم (Idiom ):**

بۆئەوەی لە واتای ئیدیۆم[xxxix] بگەین، پێویستە لە كەلتووری نەتەوەیەك بە ئاگا و شارەزابین، لەم دۆخەشدا دەبێت لە هەموو ئەو دەربڕاو و وشە و ڕستانە بگەین كە ڕۆڵی گوێزەرەوەی بیر و ئەزموون و واتای كەلتووری و كۆمەڵایەتین، چونكە ( ئیدیۆم زانیارییەكی زمانی- مرۆیی ئێمەی مرۆڤە و هەڵگری تایبەتمەندی كەلتووری كۆمەڵایەتییە و بەشێكە لە كۆی گشتی زانیارییە زمانییەكان، جگە لەوەی كە بەهۆیەوە دەتوانرێت پەی بە زانیارییە نازمانییە شاراوەكانی ناوی و دەورووبەری ببرێت)[xl]، چونكە هەر بەكارهێنانێكی

زمان، بە وشە بێت یان ڕستە یاخود بە شیکردنەوە و لێکدانەوەی وتە و دەربڕاوەکان، پەیوەندی بە بناغەی خودی زمانەوە هەیە، ئاشکرایە شروشتی پێکهاتەی زمانیش پەیڕەو و بەکارهێنانەکەیەتی، کە لە چوارچێوەی توانست و توانادا دەردەکەوێت و ڕەنگدەداتەوە، لە پەیبردن و ئاشکراکردن و گەیاندنی زانیارییەکاندا، هەموو ئەمانە دیسان بەرهەمداری خودی زمانە، لەم سۆنگەیەوە دەکرێت بگوترێت، دەربڕاوی ئیدیۆمی، دەرئەنجامی تاقیکردنەوە و ئەزموونی کەڵەکەبووی دونیادیدەی پێشینانە، لە مەڕ بابەت و دیاردەکان و ڕەنگدانەوە و ئاوێتەی کەلتووری ژیانی کۆمەڵگا و نەتەوەیە و دەبێت بە پاشخان و سەرمایەیەکی کەلتووری ئەو نەتەوە و کۆمەڵگایە، ( ئیدیۆم ڕەنگدانەوە و تاقیکردنەوەی کەڵەکەبووی دونیابینی و دابونەریت و کەلتوور و فەرهەنگی قسەپێکەرانی زمانەکەیە کە ڕێکەوتنی کۆمەڵگای لەسەرە)[xli]، بۆیە ئیدیۆم هەموو تایبەتمەندێتی کەلتووری و کۆمەڵایەتی ئاخێوەرانی ئەو زمانە لەخۆدەگرێت، وەك ئەزموونی زمانی کەلتووری دەردەکەوێت ( ئیدیۆم پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئەزموونی زمانی و کەلتوورییەوە هەیە و بنەمای کەلتووری-کۆمەڵایەتیش هۆی هسەرهەڵدان و جۆر و چیەتییەکەیەتی)[xlii]. لەم سۆنگەیەوە بۆ تێگەیشتن لە ئیدیۆم، دەبێت پەی بە بیرکردنەوە و بیروباوەڕ و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و دابونەریتی کۆمەڵگا ببەین، کە سەرجەمیان ڕەگەزی کەلتوورن، بەم جۆرە بۆ تێگەیشتن و دەرککردن بە ئیدیۆم دەبێت سەرەتا شارەزا و ئاشنا و دەرك و تێگەیشتنمان بۆ کەلتوور هەبێت، چونکە ( ئیدیۆم ئاوێنەی کەلتوور و ڕۆشنبیریی میللەتانە و دیاردەیەکە مۆرکی کۆمەڵی پێوەیە)[xliii] بۆیە لەکاتی فێرکردن یان خوێندنی کەلتووردا لە پرۆسەی فێرکردنی زماندا پێویستە ڕۆڵ و گرنگی و بەها و بایەخی ئیدۆمەکانی زمانی مەبەست لەبەرچاوبگیرێت و فێرخوازانی پێ ئاشنابکرێت.

**4- پێشکەشکردنی شانۆگەریی (role play):**

پیشاندانی ئەو بەریەککەوتن و پێگانەی کە بەهۆی جیاوازی کەلتوورییەوە کاردانەوە و هەڵەتێگەیشتنی لێدەکەوێتەوە و ڕوونکردنەوەی جیاوازییەکان بۆ فێرخوازان، لە دووتوێی شانۆگەرییەکی ئەگەرچی کورت و بچوکیشدا بێت کاریگەرییەکی زۆری لەسەر زیاتر ئاشناکردن و شارەزابوونی فێرخواز بەرامبەر بە کەلتووری ئاخێوەرانی زمانی مەبەست هەیە، بەتایبەت ئەگەر هاتوو ئەو بابەتەی کە بۆ پیشاندان ئامادەکراوە بار و ڕەهەندێکی کەلتووریی هەبێت.

**5- ئامادبوونی ئاخێوەرانی زمانی مەبەست (students as culture resources)**

هێنان و ئامادەبوونی کەسێك کە زمانی_دایکیی ئەو زمانەیە، کە دەمانەوێت فێری فێرخوازانی بکەین، بەمەرجێك لە ژینگەی زمانی مەبەستدا گەورە بووبێت، واتە ئەگەر بگونجێت و بلوێت گۆڕینەوەی فێرخواز لە ناو کۆرسە جیاوازەکاندا ئاسانکارییەکی زۆر دەکات بۆ ئاشناکردنی فێرخوازان بە کەلتووری مەبەست و سەرەنجام باشتر فێری زمانەکە دەبێت.

**6- لیکۆلینەوە لەسەر هۆز و تیرە و نەتەوە جیاوازەکان: (ethnographic studies)**

ئەگەر بکرێت فێرخواز لە چوارچێوەی گەشتی زانستیدا ڕەوانەی ناو ئاخێوەرانی کەلتووری مەبەست بکرێت و بەچاوی خۆی جیاوازییە کەلتوورییەکان ببینێت و چاوپێکەوتن لەگەڵ لایەنگرانی ئاین و نەتەوە و نەژادە جیاوازەکان بکات، چونکە ئەم کارە سودێکی زۆر بە پرۆسەی فێرکردنی زمانی دووەمی فێرخواز دەگەیەنێت.

**7- ئەدەبیات (literature):**

هێنانەوەی دەق ئەدەبی جیاواز کە هەڵگری ڕەهەندی کەلتووریی جۆراجۆربێت، بۆئەوەی فێرخوازان لە ڕێی خوێندنەوە و شرۆڤەکردنیەوە پەی بە لایەنە نهێنیی و شاراوە جیاوازەکانی کەلتووری مەبەست ببەن.

**8- پیشاندانی درامای كارتۆنی و دراما (cartoon / film):**

پیشاندان و خستنەڕووی (درامای كارتۆنی و دراما) بەتایبەتی ئەوانەی، كە هەڵگری ڕەهەندی كەلتوورین باشترین سود دەگەیەنێت بە فێرخوازان بۆ ئاشناكردنیان بە كەلتووری ئەو گەلە و سەرەنجام لە كردەی فێركردنی زمانەكەشیاندا سودمەندە.

**9- نموونەیەك لە ئەزموونی ژیانی ڕۆژانە (slice-of- life technique):**

خستنەڕوو و پیشاندانی ژیانی ڕۆژانەی تاكێكی ئەو كەلتوورەی كە مەبەستمانە، سودێكی زۆری بۆ فێرخواز هەیە، بۆئەوەی بە شێوەی كارەكی جیاوازی نێوان ژیانی ڕۆژانەی خۆی و ئەو كەلتوورە ببینێت، كە بە دڵنیاییەوە جیاوازیی كەلتووریی ڕۆلیكی زۆری لە جیاوازی تێڕوانینەكان و هەڵسوكەوتەكاندا هەیە، كە ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر زمان دەبێت.

**10- سودوەرگرتن لە كەرەستەی پەروەردەیی درووست و گونجاو (authentic materials):**

سودوەرگرتن لە سەرچاوە و كەرەستەی كەلتووری زمانی مەبەست، لەوانە سەرچاوەگەلی وەكو بەرنامەی تەلەفزیۆنی، وینە، ڕاپۆرتی كەشوهەوا، ڕۆژنامە و گۆڤار، مینۆی خواردنگەكان، سایت و پەیجەكان.

سەرباری جێبەجێكردنی ئەم ڕێكارانە پێویستە ئەوە بگوترێت خوێندن و فێركردنی كەلتوور كارێكی هەروا ئاسان نییە، ئەگەر بەوردیی و وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا نەكرێت، ڕەنگە نەگەین بەو مەبەستەی كە دەمانەوێت، بۆیە مامۆستا یان ئەو كەسەی، كە دەیەوێت وانەی زمان و كەلتوور بڵێتەوە، پێویستە ڕەچاوی كەلتووری فێرخواز و كەلتووری مەبەستیش بكات لە هەڵبژاردنی ئەو شێواز و ڕێگا و ڕێكارانەی كە بەكاریدەهێنێت لە پرۆسەكەدا، هەروەها پێویستە مامۆستا بە جۆرێك مامەڵە نەكات وا لە فێرخوازان بگەیەنێت كە كەلتووری مەبەست باشترە لە كەلتووری فێرخواز خۆی، یان جیاكاریی كەلتووریی بكات، چونكە هەروەكو (تانگ) دەڵێت: ( لەبەرئەوەی فێرخوازان زۆرجار یەك كەلتووریان ئەزموون كردووە و تێكەڵ بە كەلتوورەكانی تر نەبوون لە دۆخی جیاكاریی كەلتووریدا، ڕەنگە ڕووبەڕووی شۆكی كەلتووریی (culture shock-) ببنەوە)[xliv]، ئەمەش نەك ڕێگریی دەكات لە فێربوونی زمانی مەبەست، بەڵكو ئەنجامەكە پێچەوانەوە دەبێتەوە و فێرخواز لەبری ئەوەی حەز و ویست و خەونی بۆ فێربوونی ئەو زمانە هەبێت، ڕەنگە ئەو كەلتوورە و زمانەكە و ئاخێوەرەكانیشی لەپێش چاوبكەوێت، هەربۆیە بۆ پێگەیاندنی فێرخوازێكی كارامە و لێهاتوو و شارەزا بە وردو درشتی سەرجەم پەیوەندییەكانی لایەنی زمانیی بە كەلتوورەوە و گرێدان و پەیوەستكردن و ڕەچاوكردنی هەموو ئەو ڕەهەندانەی كە كار و كارلێكەرن لەم پرۆسەیەدا و ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو زانیارییە بەدەستهاتووانە لە پرۆسەیەكی گەورەی وەك پرۆسەی فێركردنی زمانی بیانیی، دواتر بەمەبەستی بەكارهێنانی ئەو زانیارییە بەدەستهاتووانە لە چوارچێوەی دەورووبەرە جۆراوجۆر و جیاجیاكانی ناو كۆمەڵگادا، بەدەستهێنان و دەستەبەركردنی هەموو ئەو ئامانجانەش لە دەرەنجامی ئاشنابوون و شارەزابوون و بە ئاگابوونی فێرخوازە لە سەرجەم بابەتە ورد و درشتەكانی كەلتووری گەل و نەتەوەیەك لە سنوور و چوارچێوەی كۆمەڵگایەكدا دێتەبەرهەم و ئەنجام، لە هەمانكاتدا بەیەكێك لە ڕێكارەكانی فێربوونی زمانی دووەم هەژماردەكرێت.

دیارترین و گرنگترین ئەو ڕێكارانەش كە دەبێت پسپۆری بواری زمانەوانی ڕەچاوی بكات لە پرۆسەی فێركردنی زمانی دووەم یان بیانیدا و پەیوەست و گرێدراو و پەیوەندییدارە بە كەلتوورەوە، وەك شارەزابوون و بە ئاگابوونیەتی بە پەندی پێشینان و تابوو و ئیدیۆم و ئەدەبیات و ئەزموونی ژیانی ئەو نەتەوەیە، هەروەها ئامادەكردن و بەكارهێنان و پیشاندانی گرتەیی فیدیۆیی شانۆگەریی و دراما و كارتۆنی منداڵان كە ڕەهەندی كەلتووریان هەبێت، هەروەها گەشتكردن بە نێو تیرە و هۆزە جیاجیاكانی ئەو نەتەوەیە بۆ زیاتر ئاشنابوون بە كەلتوور و چۆنیەتی بیركردنەوەیان و دواتر ڕەنگدانەوەی لە چوارچێوەی زمانەكەیاندا، هەموو ئەمانەش دەبێت بە وریاییەوە مامەڵە و هەڵسوكەوتی لەگەڵدا بكرێت، چونكە بە پێچەوانەوە دەبێتەهۆی زیانگەیاندن بە كۆی پرۆسەكە، بۆیە بۆئەوەی بە كەمترین وزە و بە خێراترین كات و بە باشترین شێوە پرۆسەیەكی سەركەوتووانەی زانستیانەی فێربوونی زمانی دووەم پێشكەش بكرێت، دەبێت لە پرۆسەی فێركردنی زمانی بیانیدا ڕۆڵ و بەها و بایەخ و سود و گرنگی ئەم ڕێكارانە لەبەرچاوبگیرێت.

**ئەنجامەكان:**

1 – لە پەیوەندی گرێدراو و ئاڵۆز و تێکچڕژاوی نێوان زمان و کەلتووردا، زمانی کەلتووری بەرهەمدێت، کە هەموو تایبەتێتییەکانی زمانی کۆمەڵگای تێدایە، بۆیە وەك ڕێکارێك لە پرۆسەی فێرکردنی زمانی بیانیدا نرخ و بەها و سودی لێوەردەگیرێت.

2–- بەهۆی ئەو تێکچڕژان و پەیوەندی و پەیوەستە پتەوەی، کە لە نێوان زمان و کەلتووردا هەیە، پێویستە لە پرۆسەیەکی وەکو فێرکردنی زماندا ڕۆڵ و پێگەی کەلتوور بە هەند وەربگیرێت، چونکە لە ئامادەنەبوونی کەلتووردا، ناتوانرێت پرۆسەیەکی سەرکەوتووانەی هەمەلایەنەی ئەکادیمیانە لە پرۆسەکەدا پێشکەش بکرێت.

3–ئاشنابوون و شارەزابوونی فێرخواز بە ڕەهەندە جیاوازەکانی کەلتوور لە شۆکی کەلتووریی دەمانپارێزێت و دوورماندەخاتەوە، چونکە لێکدژیی کەلتووریی دەبێتەهۆی هاتنەئارا و دەرکەوتنی شۆکی کەلتووری و بەمەش زیان لە کۆی پرۆسەکە دەگەیەنێت، لەبەرامبەردا هاوبەشیی کەلتووریی دەبێتەهۆی ئاسانتربوونی پەیوەندی و بەریەککەوتنەکان لەگەڵ یەکتریدا، بۆیە دوای دیاریکردن و دەرکەوتنی زمان وەك تایبەتمەندییەکی هاوبەشی کەلتوورەکان، زانینی پەیوەندی نێوان زمان و کەلتوور گرنگی و پێویستییەکی ئاشکرایە.

4–- فێرکردن و خوێندنی کەلتوور وەك ڕێکارێکی گرنگی نێو پرۆسەی فێرکردنی زمانی بیانی، کارێکی هەروا ئاسان و لەخۆوە نییە، بەڵکو پێویستی بە کەسانی پسپۆر و لێهاتوو و شارەزا و ڕێکاری گونجاو هەیە.

5–- بەکارهێنانی ئەو ڕەگەز و کەرەستە و کردە کەلتووریانەی کە هەڵگری تایبەتمەندی کەلتووریی زمانی مەبەستن، سودێکی زۆر دەگەیەنێت لە باشتر گەیاندنی پەیامەکەدا و بەمەش فێرخواز باشتر و سەرکەوتووانەتر و بە کەمترین وزە و لە خێراترین کاتدا فێری زمانی مەبەست دەبێت.

---

**پەراوێزەکان**

[i]- مهري باقري: 1379: 17.

[ii]- نسرين بحريني: 1392: 2.

[iii]- sapir, Edward: 1921: 8.

[iv]-نسرين بحريني: 1392: 2.

[v]- اتوسا رستم بيك تفرشي و احمد رمضاني واسوكلائى: 1391: 2.

[vi]- https/ elbassair. Net

[vii]- نەریمان عومەر خۆشناو: 2014: 37.

[viii]- مرضيه عارفي و صونا عليزاده: 1391: 1.

[ix]- نەریمان عەبدڵڵا خۆشناو: 2014: 37.

[x]- اتوسا رستم بيك تفرشي و احمد رمضاني واسوكلائى: 1391:3.

[xi]- Brown. H.D. 1994:163.

13- ابراهيم اليوسف: 2012.

[xiii]- مەنوچهر موحسنی: 2002: 103.

[xiv] - اسمهان مزيانى:2015- 2016: 12.

[xv] - مەنوچهر موحسنى: 2002: 104.

[xvi] - على عفيفى على غازى: 2015.

[xvii] - محمد ڕەزا باتنى: 2011: 21.

[xviii] - اتوسا رستم بيك تفرشى و احمد رمضانى واسوكلائى: 1391: 4.

[xix] - مؤمن العنان: 4.

[xx] - عبدالعزيز بن عثمان التويجرى: 2013: 31.

[xxi] - مريم مرادي و مرضية رحماني: 1395: 16.

[xxii] - محمد ڕەزا باتنى: 2011: 21.

[xxiii] - بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: محمد ڕەزا باتنى: 2011: .

[xxiv] - اتوسا رستم بيك تفرشى و احمد رمضانى واسوكلائى: 1391: 5.

[xxv] - مريم مرادي و مرضيه رحماني: 1395: 8.

[xxvi] - اتوسا رستم بيك تفرشى و احمد رمضانى واسوكلائى: 1391: 6.

[xxvii] - هەمان سەرچاوە: هەمان لاپەڕە.

[xxviii] - مهين ناز ميردهقان و فرنوش طاهرلو: 1390: 9 .

[xxix] - محمدعلى أذرشب، سعدالله همايونى: 1394: 5.

[xxx] - مهين ناز ميردهقان و فرنوش طاهرلو: 1390: 5 .

[xxxi] - اتوسا رستم بيك تفرشى و احمد رمضانى واسوكلائى: 1391: 9.

[xxxii] - اتوسا رستم بيك تفرشى و احمد رمضانى واسوكلائى: 1391: 12.:

[xxxiii] - بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئامانجەکانی فێرکردنی کەلتوور بڕوانە : هەمان سەرچاوە: لا: 13.

[xxxiv] - پریسا مهران و دیگران: 1394: 7.

[xxxv] - اتوسا رستم بيك تفرشى و احمد رمضانى واسوكلائى: 1391: 12.

[xxxvi] - بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی چەمك و زاراوە و بەکارهێنان و فۆرمەکانی تابوو بە پێی کەلتوور و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان لە زمانی کوردیدا، بڕاوانە شاخەوان جەلال فەرەج: 2011.

[xxxvii] - ڕۆستەم محمد ئەحمەد: 2016: 54.

[xxxviii] - ئارام عبدالواحید حمەڕەشید مەعروف: 2013: 247.

[xxxix] - بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی چەمك و زاراوە و بەکارهێنان و فۆرم و ستراکچەر و جۆرەکانی ئیدیۆم، بڕوانە (شیلان عومەر حسەین: 2009، زوبێر عەلی عارف: 2012 )

[xl] - زوبێر عەلی عارف: 2012: 39.

[xli] - ڕۆستەم محمد ئەحمەد: 2016: 163.

[xlii] - زوبێر عەلی عارف: 2012: 47.

[xliii] - هەمان سەرچاوە : 39.

[xliv] - اتوسا رستم بيك تفرشى و احمد رمضانى واسوكلائى: 1391: 17.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بە زمانی کوردی


1- ئارام عبدالواحید حمەڕەشید مەعروف(2013)، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، لێکۆڵینەوەیەکە لە بواری بواری زانستی زمانی کۆمەڵایەتییدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆس سلێمانی.

2- پۆڵ هێلنە، زمان، هزر، کەلتوور(2006)، وەرگێڕانی: رەحیم سورخی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم.

3- ڕۆستەم محمد ئەحمەد (2016)، سینۆنیم لە زمانی کوردی ناوچەی گەرمیاندا، لێکۆڵینەوەیەکی واتایی و پێکهاتەییە، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلیمانی.

4- زوبێر عەلی عارف (2012)، ئیدیۆم لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، بەشی کوردی.

5- شاخەوان جەلال فەرەج(2011)، تابوو وەك نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کەلتوور، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

6- شیلان عومەرحسەین(2009)، ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆژی، زنجیرە 29، چاپخانەی ڕەنج، سلیمانی.

7- محمدرەزا باتنی(2011)، چەند بابەتێکی زمانەوانی نوێ، وەرگێڕانی هێرش کەریم. سلێمانی چاپخانەی گەنج.

8- مەنوچەهری موحسنی(2002)، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی: کۆمەڵێ نوسەر، چاپخانەی هەولێر، هەولێر.

9- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو(2014)، زار و زمان، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.


### دووەم: بە زمانی فارسی


**1-** اتوسا رستم بيك تفرشي و احمد رمضاني واسوكلائي(بهار و تابستان سال1391)، نقش فرهنگ در اموزش زبان خارجي، پژوهش نامه انتقادی متون وبرنامه‌های علوم انسانی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال دوازدهم، شماره اول.

2- پريسا مهران، الهه ستوده‌نما، سيده سوسن مرندی (زمستان 1394)، ديدگاه های زبان اموزان در مورد مفهوم فرهنگ و بازتاب ان دراموزش زبان انگلیزی به دانشجویان خارجی، فصلنامه علمی-پژوهشی زبان پژوهی دانشگاه الزهرا، سال هفتم، شماره 17.

3- محمجعلی اذرشب، سعدالله همايونی (پاييز و زمستان 1394)، واكاڒی فرهنگ و نقش ان در سياست گذاريهای برنامه‌ريزی اموزش زبان..، علم زبان، سال 3، شماره 5.

4- مرضيه عارفی و صونا عليزاده(1391)، دوزبانگی و جامعه پذيری مجدد: نگاهی نو از زاويه روان شناسی اجتماعی، همايش بين ملی دوزبانگی (چالشها وراهكارها).

5- منصور قنادی، ناهيد مطيع، هدايت اله ستوده(1380)، جامعه‌شناسی مفاهيم كليدی، چاپخانه غزال، چاپ چهارم.

6- مريم مرادی و مرضيه رحمانی (بهار و تابستان 1395)، بررسی رابطه متقابل زبان و فرهنگ با استفاده از فرضيه نسبيت زبانشناسی، نقد زبان وادبيات خارجی، دوره دوازدهم، شماره 16.

7 - مهري باقری (1379)، مقدمات زباشناسی، چاپ هفتم، نشر قطره،، تهران.

8- مهين ناز ميردهقان و فرنوش طاهرلو(پاييز و زمستان 1390)، تأثير فرهنگ ايرانی در اموزش زبان فارسی به غير فارسی زبانان، ادبيات پارسی معاصر، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال اول، شماره دوم.

9- نسرين بحرينی (تابستان 1392)، تحليل ارزش های فرهنگی دركتابهای آموزش زبان انگليسی، راهبرد فرهنگ، شماره بيست و دوم.


### سێیەم: بە زمانی عەرەبی


1- اسمهان مزياني(2015-2016)، التراث الشعبي في الرواية " سيد الخراب" ل: كمال قرور، شهاده الماستر في الادب و اللغه العربيه، جامعه محمد خيضير بسكره، الجزائر.

2- عبدالعزيز بن عثمان التويجرى (2013)، حاضر اللغه العربيه، الرباط- المملكه المغربيه.

3- www. Al-Hayat.com/ article. علی عفيفی علی غازی، التراث المادی و التراث المعنوی، جريده الحياه، 17 ابريل 2015.

4- Lannan/ wordpress.com. مؤمن العنان، اللغه العربيه والتراث الغوی

5- elbassair.net تعريف التراث،

6- WWW.m.ahewar.org. التراث الشعبی: روح الحضاره وخزان الثقافه، ابراهيم اليوسف- الحوار التمدن

**چوارەم: بە زمانی ئینگلیزی**

1- Benjamin Lee Whorf Quotesm, http: thinkexist.com/ quotes/ Benjamin_lee_whorf/

2- Brown.H.D.( 1994) Teaching foreign Language and Culture: social Impact and political significance, language learning journal Vol 2, No 1.

3- Sapir,Edward. Language: An Introdution to the study of speech, New York: Harcourt, Brace.